پێدری و ئاراوخۆ لەگەڵ بەرشەلۆنە گەیشتونەتە رێککەوتن و گرێبەستەکانیان تا 2030 نوێدەکەنەوە



پێدری و ئاراوخۆ لەگەڵ بەرشەلۆنە گەیشتونەتە رێککەوتن و گرێبەستەکانیان تا 2030 نوێدەکەنەوە.

رۆژنامەی موندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی بڵاویکردەوە، یانەی بەرشەلۆنە گەیشتە رێککەوتنی کۆتایی لەگەڵ دوو ئەستێرەی یانەکەی مەبەستی نوێکردنەوەی گرێبەستەکانیان.

موندۆ ئاشکرایکردووە، هەریەکە لە رۆناڵد ئاراوخۆی بەرگریکار و پێدری ئەستێرەی ناوەڕاست ئیمزایان لەسەر گرێبەستە نوێیەکانیان کردووە لەگەڵ یانەی بەرشەلۆنە و لەو یانەیە دەمێننەوە.

ئاماژەی بەوەشداوە، گرێبەستە نوێیەکانی ئەو دوو یاریزانە تا ساڵی 2030 دەبێت و مەرجی هەڵوەشاندنەوەشیان زیاد دەکریت تا دووریانبخەنەوە لە هەوڵی یانەکانی تر.

دوپاتیکردووەتەوە کە لە چەند رۆژی داهاتوودا بە فەرمی نوێکردنەوەی گرێبەستی ئەو دوو یاریزانە رادەگەیەنرێت و چاوەڕێش دەکرێت لە چەند هەفتەی داهاتووشدا گرێبەستی گاڤی نوێبکرێتەوە.